## ڕوونکردنەوەیەک بەناوی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - فینلاند،

14 Oct 2006

لەم ڕۆژانەدا، ڕوونکردنەوەیەك بەناوی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - فینلاند، لەلایەن کەسانێکی نەناسراو وە نابەرپرس، بڵاوکراوەتەوە. لەم ڕوونکردنەوەیەدا هاتووە کە ئەوان بەشداری کۆنفڕانس نەبوون، ئەوە زۆر دروستە، ئێمە تەنانەت ناسنامەی ئەو کەسانەشمان بۆ ڕوون، نیە. لەم پێوەندیەدا ڕادەگەیەنین کە بەرپرسی گشتی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - فینلاند، بەڕێز (کاوە خزری) بە نوێنەرایەتی لاوانی فینلاند، بەشداری کۆنفڕانسی ـ کۆماری کوردستان ـ بووە، لە ڕێکەوتی 30 - 09 - 2006 لە وڵاتی نۆرۆێژ.

ئێمە باوەڕمان بە ئازادی بیروڕا دەربڕین هەیە و ڕێزی بۆچوونی جیاواز دەگرین، بەڵام بە دروستی نازانین، کەسانی نابەرپرس بەناوی کۆمیتەکانی لاوان، قسە بکەن. هەر لەم پێوەندییەدا، ماڵپەڕەکان ئاگادار دەکەینەوە کە بە هۆی کێشەی نێوخۆیی ڕێکخراوەکەمان، ئەگەری ئەوە هەیە کە کەسانێکی نابەرپرس، ڕوونکردنەوە و ڕاگەیەنراو بڵاوبکەنەوە، بۆیە تکامان وایە لە ڕاستی و دروستی ئەو سەرچاوانە، دڵنیابن، پێش بڵاوکردنەوەیان.

تکایە بۆ زیاتر دڵنیابوون سەردانی ماڵپەڕی ڕەسمی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - فینلاند، بکەن.

http://www. lawan. fi/kurdish/index. php
www. lawan. fi

کۆمیتەی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران/ فینلاند
13. 10. 2006